# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٢٤

## تشرینی یەکەم- کانوونی یەکەم ٢٠٢١ (لەگەڵ پوختەی ساڵانە)

IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

تێبینی: لیستی سەرەکی گەڕی پێشووی، گەڕی ژمارە (١٢٣) ماوەی نێوان هەر دوو مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی ٢٠٢١ لەخۆگرتووە. هەرچەندە لیستی سەرەکی ئەم گەڕە، گەڕی ژمارە (١٢٤)، ماوەی نێوان هەرسێ مانگەکانی نێوان تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ گرتووەتەخۆ. هەربۆیە، هەر شیکارییەکی بەراوردکردن بکرێت بۆ داتای ئەم گەڕە و داتای ڕاپۆرتی گەڕەکانی دیکە، دەبێت تێبینی جیاوازی ماوەی ڕاپۆرتەکان بکرێت و ئەم جیاوازییە لە بەرچاوبگیرێت.

## دیارخراوەکان

٧,٧٥٠
کەس
ئاوارەبوونی
یەکەمیان بوو

٤٩,١٤١
کەس ئاوارەبوونی
دووەمیان بوو

٥٦,٨٩١
کەس ئاوارەبوون
٢٠٢١

١٢٠,٦٦٦
کەس گەڕانەوە
٢٠٢١




شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنەوەی داتا بۆ ڕاپۆرتی سەرەکی گەڕی ١٢٤ لەماوەی نێوان مانگەکانی تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم ئەنجامدرا. تا ٣١ کانوونی یەکەم، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی ٤,٩٥٢,٢٣٢ گەڕاوەی کرد (لە ٨٢٥,٣٧٢ خێزان دا)، کە بەسەر ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,١٧٩ شوێن دابەشبوون لە عێراق دا. ژمارەیەکی کەمتری گەڕاوەی تازە لە گەڕی ١٢٤ دا تۆمارکرا (١٣,١٥٨) گەڕاوەبوو، بە بەراورد بە گەڕی ١٢٣ کە (٥٤,٤٦٢) گەڕاوە تۆمارکران لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا.هەرچەندە، ئەم ژمارە بەرزەی گەڕاوەکان لە گەڕی ١٢٣ دا بەزۆری بەهۆی ئەوەوەیە کە تیمەکانی کۆکردنەوەی داتا ی (DTM) هەڵسەنگاندنیان بۆ هەندێک شوێن لەپارێزگای ئەنبار کردووە کە پێشووتر دەستیان بەو شوێنانە نەگەیشتبوو.

باوترین و بەربڵاوترین ئەو پارێزگایانەی کە گەڕاوە تازەکانی بۆ هاتووە لە ماوەی مانگەکانی تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم ٢٠٢١ دا، ئەمانەن: سەڵاح الدین (٥,٨٨٦) گەڕاوەی تازە، نەینەوا (٥,٠٧٦) گەڕاوەی تازە، پارێزگای ئەنبار (١,٠٢٦) گەڕاوەی تازە و کەرکووک (٧٣٢) گەڕاوەی تازە تۆمارکران. هەروەها لەماوەی هەمان ماوەدا، (DTM) ١,١٨٦,٥٥١ ئاوارەی ناوخۆیی لە (٢٠٣,٧٣٠) دەستنیشانکرد، ئەمەش نزمبوونەوەیە لەسەر ئاستی وڵات بە ٣,٠٢٥ ئاوارەی ناوخۆیی لەوەتەی ماوەی نێوان ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا. هەرچەندە، سەرەڕای ئەو کەمبوونەوەیە، ١٣,٠٧٤ ئاوارەی ناوخۆیی تازە لەماوەی ئەم گەڕەدا لەسەرانسەری وڵات دا تۆمارکرا.

ئەم ئاوارە ناوخۆییانە بەسەر تەواوی ١٨ پارێزگادا دابەشبوونە، لە ١٠٥ قەزا و ٢,٨١٧ شوێن لە تەواوی عێراق دا (کە ٢٥ کەمترە لەو ئامارەی لەگەڕی ١٢٣ ی ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا تۆمارکرابوو). سەبارەت بە ناوچەکانی زێدی ئاوارەکان، هاوشێوە و هاوئاستی ساڵی پێشووبوو، لە٥٦٪ ی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارەبوونی ناوخۆیی لە پارێزگای نەینەوایە بە (٦٦٤,٩٢٩) کەس، بەتایبەتی لە ناوەندی شاری موسڵ بە (٢٤٦,٣٦١)، قەزای شنگال بە (١٩٣,٦٨٨) کەس، قەزای بەعاج بە (٩٣.٠٤٦) کەس. دووەم بەرزترین ڕێژەی ئاوارەبوونی ناوخۆی هی پارێزگای سەڵاح الدین-ە بە (١٣٨,١٣٤)-لە١٢٪، دواتریش پارێزگای ئەنبار دێت بە (١٣٤,٢٥٥) لە ١١٪یە.

لەبەرئەوەی ئەمە ڕاپۆرتی کۆتاییە بۆ ساڵی ٢٠٢١، هەندێک لەو گۆڕانکاری و هەڵبەزین و دابەزینانەی کە لە ژمارە و شێوەکانی ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوەکان دا لەتەواوی ماوەی ئەو ساڵە دا تۆمارکراوە خراوەتەڕوو.

لەماوەی نێوان ١ی کانوونی دووەم بۆ ٣١ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١، (DTM) نزمبوونەوەی ئاوارەناوخۆییەکانی ٣٧,٥٥٢ کەسی لەسەرانسەری وڵاتدا تۆمارکرد. ئەم کەمبوونەوەیەش بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو نزمبوون و کەمبوونەوانەی کە لەماوەی سێ ساڵی پێشووتردا تۆمارکرابوون: ١٩٠,٥٢٤ کەس لە ٢٠٢٠ دا، ٣٨٨,٢٠٠ لە ٢٠١٩ دا و ٨١٣,١٥٦ کەس لە ٢٠١٨ دا. هەرچەندە، لە ساڵی ٢٠٢١ دا، سەرەڕای ئەو کەمبوونەوە تێکڕایەی لە ژمارەی ئاوارەناوخۆییەکانی ڕوویداوە لە ساڵی پێشوو، بە کۆی گشتی، ٥٦,٨٩١ ئاوارەی ناوخۆیی تازە تۆمارکران لەماوەی ئەم ساڵ دا. زۆربەی کەسەکانی نێو ئەم ئاوارە تازانە لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە ئاوارەبوون و (٤٢,٥٢٥) کەسن، لەوکاتەی ٧,٧٥٠ کەسیان بۆ یەکەمین جارە ئاوارە دەبن و ٦,٦١٦ جارێکی دیکە ئاوارە بوون دوای ئەوەی هەوڵی گەڕانەوەیان دا بەڵام شکستیان هێنا لەوەی کە بتوانن بۆ شوێنی زێدی خۆیان بگەڕێنەوە.

سەرەڕای ئەمانە، لەماوەی نێوان ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ تا ١٣ ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ، (DTM) ١٢٠,٦٦٦ گەڕاوەی تازەی تۆمارکرد. ئەم ژمارەیەش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو بەرزبوونەوانەی کە لەماوەی سێ گەڕی پێشووتردا تۆمارکرابوون: لە ٢٠٢٠ دا (٢٣٥,١١٦) کەس، لە ٢٠١٩ بە (٤٣١,١٣٠) کەس و لە ٢٠١٨ دا بە (٩٤٤,٩٥٨) کەس.

ئەو پارێزگایانەی کە بەرزترین ژمارەیان لە تێکڕا و کۆی گشتی گەڕاوەکان هەیە بریتین لە نەینەوا بە (١,٩٢٧,٥٧٢ کە ٣٨,٤١٨ گەڕاوەی تازەن) ئەنبار بە (١,٥٤٢,٤٩٢ کە ٣٧,٨٦٠ گەڕاوەی تازەن) و سەڵاح الدین بە (٧٣٧,٧٠٦ کە ٢٨,٩٦٢ یان گەڕاوەی تازەن).

## ئاوارەکان

| | |
|---|---|
| ١,١٨٦,٥٥١ کەس | ٢٠٣,٧٣٠ خێزان |
| ١٨ پارێزگا | ١٠٥ قەزا |
| ٢,٨١٧ شوێن | |

## گەڕاوەکان

| | |
|---|---|
| ٤,٩٥٢,٢٣٢ کەس | ٨٢٥,٣٧٢ خێزان |
| ٨ پارێزگا | ٣٨ قەزا |
| ٢,١٧٩ شوێن | |

# خستنەڕووێکی گشتی ئاوارەبوون

## خستنەڕووێکی گشتی ئاوارەبوون بۆ گەڕی ١٢٤

لەماوەی ماوەی نێوان مانگەکانی تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا، (DTM) دەستنیشانی ١,١٨٦,٥٥١ ئاوارەی ناوخۆیی لە (٢٠٣,٧٣٠) خێزان دا کرد کە دابەشببونە سەر ١٨ پارێزگا، ١٠٥ قەزا و ٢,٨١٧ شوێن لە عێراق دا. ئەم ژمارەیەش کەمبوونەوەیەک لەسەر ئاستی وڵات نیشان دەدا بە ٣,٠٢٥ ئاوارەی ناوخۆ لەو ژمارەیەی کە لە ماوەی مانگەکانی ئاب و ئەیلول دا تۆمارکرا. بەرچاوترین کەمبوونەوەش لە پارێزگای نەینەوا بوو بە (-٢,٥٣١) لە ١-٪، پاشان لە پارێزگای سەڵاح الدین بە (-١,٧٠٤) لە ٣-٪. سەرەڕای کەمبوونەوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی وڵات لەم گەڕەدا، کۆی گشتی ١٣.٠٧٤ ئاوارەی تازەش تۆمارکرا. لە نێو ئەو ئاوارە تازانەش دا، ٨,٨٧٤ یان لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە ئاوارەبوون، لەوکاتەی ٢,٤٣٠ لە دوای شکستهێنانی هەوڵی گەڕانەوە بۆ ماڵ و حاڵیان دیسان ئاوارەبوونەوە، هەروەها ١,٧٧٠ کەسیشیان بۆ یەکەم جار ئاوارەبوون. سەرەڕای ئەمانە، لەنێو ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە جارێکی دیکە ئاوارەبوون، ٤٩٨ یان پێشتر لە کامپەکان دا دەژیان، کە لەوانەش ٤٠٢ یان لە پارێزگای نەینەوا و ٩٦ لە پارێزگای ئەنبار بوون.

**ناوچەی زێدی ئاوارە ناوخۆییەکان:** هاوشێوەی ساڵی پێشوو، لە ٥٦٪ حاڵەتەکانی ئاوارەکان لە پارێزگای نەینەوان بە (٦٦٤,٩٢٩) کەس، بەتایبەتی هی قەزایەکانی ناوەندی موسڵ بە (٢٤٦,٣٦١) کەس، شنگال بە (١٩٣,٦٨٨) کەس و بەعاج بە (٩٣,٠٤٦) کەس. دووەم بەرزترین ڕێژە و ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگاکانی سەڵاح الدین بە (١٣٨,١٣٤) کە دەکاتە لە ١٢٪، ئینجا ئەنبار بە (١٣٤,٢٥٥) کە دەکاتە لە ١١٪. قەزا سەرەکییەکانی زێدیش لە پارێزگای ئەنبار بریتین لە ڕوومادی بە (٦٣,٤٣٥) کەس، فەللوجە بە (٤٦,٣١٠) و قائیم بە (١٠,٠١٨) کەس، لەوکاتەی قەزاسەرەکییەکانی زێد لە پارێزگای سەڵاح الدین بریتین لە توزخورماتوو لە (٣٦,١٤١)، بێجی (٢٨,١٩٧)، بەلەد بە (٢٧,٩٣١) و تکریت بە (٢٠,٦٨٣) کەس.

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە نیشتەجێبوون:** لەسەرانسەری وڵاتدا، لە ٧٦٪ ئاوارە ناوخۆییەکان لە شوێنی مانەوە و حەوانەوەی تایبەت دا دەژین کە (٩٠٢,٤٤٨) کەسە، لە ١٥٪ شیان لە کامپەکان دا دەژین کە (١٧٩,١٢٠) کەسە، لە ٩٪ شیان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین کە (١٠٤,٢٢٦) کەسە و کەمتر لە ١٪شیان جۆری شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان نەزانراوە کە (٧٦٢) کەسە. لەم گەڕەی ئێستا دا، کەمبوونەوەی ٣,٢٩٥ کەس لە ئاوارە ناوخۆییەکانی نیشتەجێ کامپەکان دا تۆمارکرا، کە ئەمەش بە بەراورد بە گەڕی مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی ٢٠٢١، کەمبوونەوەی ١٧٥ کەس لە ئاوارە ناوخۆییەکانی نیشتەجێ کامپەکان نیشاندەدات. هەرچەندە، ئەم کەمبوونەوەیە بەزۆری دەدرێتە پاڵ کامپی عامریەت فەللوجە لە قەزای فەللوجەی پارێزگای ئەنباردا (کە ٢,٦٩٠ ئاوارەی ناوخۆیی تیایدا نیشتەجێن) دووبارە وەکو شوێنێکی نافەرمی پۆلێنکرایەوە. کەمبوونەوەیەکی بەرچاویش لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە نیشتەجێی کامپەکان لەم قەزایانەدا تۆمارکرا ناوەندی موسڵ تۆمارکرا بە (-١,١٦٠) کەس، پاشان حەمدانیە بە (-٣٣٠) کەس و ئینجا زاخۆ بە (١٢٠) کەس. بە بەراورد بەمە، بەرزبوونەوەی لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی نیشتەجێی کامپەکانی ئەم قەزایانە دا تۆمارکرا: سێمێل بە (٨١٠) کەس، شێخان (١٧٠) کەس و ناوەندی سلێمانی بە (٥٥) کەس.[1]

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان




## خستنەڕووێکی گشتی ئاوارەبوون بۆ ساڵی ٢٠٢١

لەماوەی نێوان مانگی کانوونی دووەم تا کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١، (DTM) ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە تۆماریکرد ٣٧,٥٥٢ کەس کەمتربوو کە دەکاتە ڕێژەی لە٪٣ کەمتر لەو ژمارە ئاوارە ناوخۆییانەی کە لەماوەی سێ ساڵی پێشووتردا تۆمار کرا کە ئەمەش کەمبوونەوەیەکی بەرچاوە. لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، (-١٩٠,٥٢٤) کەس، لە ساڵی ٢٠١٩ دا، (٣٨٨,٢٠٠) کەس و لە ساڵی ٢٠١٨ دا، (٨١٣,١٥٦) کەس بوو. لەتەواوی ماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا، بەرچاوترین کەمبوونەوە لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە پارێزگاکانی نەینەوا بە (١٩,٥٥٣) کە دەکاتە لە٪٧-، دهۆک بە لە (١٣,٤٩٠) کە دەکاتە لە٪٥-، سەڵاح الدین بە (٥,٣٥٨) کە دەکاتە لە٪٩- کەمبوونەوە تۆمارکرا. لەسەر ئاستی قەزاش، بەرچاوترین و زۆرترین نزمبوونەوە و کەمبوونەوە لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە پارێزگای نەینەوا بوو لە قەزکانی حەمدانیە (-١١,٧٧٧) کەس کە دەکاتە ٪٤٣-، ناوەندی قەزای موسڵ (-٨,٤٠٦) کەس کە دەکاتە لە٪٨- تۆمارکرا، پاشان لە پارێزگای دهۆک لە قەزاکانی سێمێل بە (-٧,٧٠٧) کەس کەدەکاتە لە٪٥- و لە زاخۆش بە (-٣,٢٧١) کەس کە دەکاتە لە٪٤- کەس تۆمارکران. سەرەڕای کەمبوونەوە و دابەزینی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بە گشتی لە ساڵی ٢٠٢١ دا، بە کۆی گشتی ٥٦,٨٩١ ئاوارەی ناوخۆیی تازە تۆمارکران. لەنێو ئەم ئاوارە ناوخۆییە تازانەش دا، ٤٢,٥٢٥ ئاوارەی ناوخۆیی تازە لەو شوێنانەوە هاتن کە پێشتوو بۆی ئاوارەبوون. هەروەها ٧,٧٥٠ کەسی دیکە بۆ یەکەمجار بوونە ئاوارەی ناوخۆیی، ژمارەیەکی بەرچاویشیان لە بنەڕەتدا هی ئەم قەزایانەبوون: کەرخ (١,٩٨٠) کەس و ڕەسافە (٨٢٨) کەس لە پارێزگای بەغدا. ئینجا لە پارێزگای دیالەش (٦٥٤) کەس لە قەزای بەعقوبە و (٦٤٢) کەس لە قەزای مقدادیە. لەپاڵ ئەمانەش دا، بە کۆی گشتی ٦,٦١٦ ئاوارەی ناوخۆیی دوای شکستهێنانیان لەگەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، جارێکی دیکە ئاوارە بوونەوە. لە نێویشیان دا ژمارەیەکی زۆریان کە (١,٥١٢) کەسیان هی قەزای مقدادیە بوون لە پارێزگای دیالە دا، پاشان (٤٥٥) کەسیان هی قەزای شنگال بوون لە پارێزگای نەینەوا دا، ئینجا (٤٠٥) کەسیان هی قەزای شەرگات بوون لە پارێزگای سەڵاح الدین دا.[2]

هۆکارە سەرەکییەکانی هەریەکێک لەو ئاوارەبوونە تازانەی کە لەتەواوی ماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا ڕوویداوە، بریتین لە خراپتربوونی دۆخی ئەمنی و کەمی و خراپی دەرفەتەکانی کار و دەستگەیشتن بە خزمەت گوزارییە بنەڕەتییەکان. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢١ دا، جوڵە و شوێنگۆڕینێکی بەرچاوی ئاوارە ناوخۆییەکان بەهۆی وشکە ساڵی بووە لە پارێزگای نەینەوا و پارێزگا کانی دیکەی باشوور، وەکو نەجەف، قادسیە، میسان، زیقتر و بەسرە. (DTM) چاودێری ئەو جوڵە و شوێنگۆڕینانەی کردووە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی بەدواداچوونی باری لەناکاو.

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون:** لە ٢٠٢١ دا ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین تاڕادەیەک کەمیکردووە و دابەزیووە لە ١٠٤,٧٠٦ بۆ ١٠٤,٢٢٦ کەس (کە ئەمەش کەمبوونەوەی کەمتر لە ١٪ نیشان دەدات). هەرچەندە ئەو گۆڕانکاریانە لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە جیاوازە. بەرزبوونەوەی بەرچاو لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین لە چەندان پارێزگا دا تۆمارکراوە، بەتایبەتی پارێزگاکانی بەغدا بە (٤,٦٤٤ کە دەکاتە ١٠٨٪)، ئەنبار بە (٣,٦١٨ کە دەکاتە ١٨٪) و تاڕادەیەکی کەمتریش دیالە بە لە (٢٨٢ کە دەکاتە ١٤٪). هەرچەندە، ئەو بەرزبوونەوانە تاڕادەیەک هاوسەنگکرابوونەوە لەلایەن ئەو نزمبوونەوە و دابەزینە زۆرانەی کە لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی نیشتەجێی شوێنی حەوانەوەی زۆرخراپن لە پارێزگاکانی دیکە دا تۆمارکران، بەتایبەتی دهۆک بە (-٦,٠٩٠ کە دەکاتە ٪٢٢-) نەینەوا بە لە (-١,٠٠٢ کە دەکاتە لە٪٥-)، هەولێر بە لە (-٤٩٢ کە دەکاتە ٪٣٩-) و سەڵاح الدین بە لە (-٤٠٢ کە دەکاتە لە٪٢-) کەمبوونەوە. زۆربەی ئەو کەمبوونەوە و دابەزینانە دەدرێتە پاڵ ئەو ژمارە بەرچاوەی ئاوارە ناوخۆییەکان کە کامپەکان جێدەهێڵن بەهۆی دەخستنیان یان دووبارە پۆلێنکردنەوەیان لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و شوباتی ٢٠٢١ .[3]

١ لە قەزای سێمێل دا بەرزبوونەوە لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان دا تۆمارکرا لە کامپی کۆمەڵگەی ڕوانگە، لە قەزای شێخانیش بەرزبوونەوە لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان دا تۆمارکرا لە کامپەکانی ئیسیان، مام ڕەشان و شێخان، هەروەها لە ئاوارە ناوخۆییەکانی پارێزگای سلێمانیش دا بەرزبوونەوە تۆمارکرا لە کامپی ئاشتی.

٢ (DTM)ی (IOM) لە عێراق. ڕاپۆرتەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانکاری کەش و هەوا: نەینەوا و باشووری عێراق. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Diyala

٣ لە نێوان مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ مانگش شوباتی ٢٠٢١، (DTM) خولێکی بەدواداچوونی باری لەناکاوی کردەوە کە تیایدا بەدواداچوون بۆ جوڵە و جموجۆڵەکانی ئاوارە ناوخۆییەکانی ئەو کامپانە ئەنجامدا کە دادەخرێن یان دووبارە پۆلێندەکرێنەوە. ئەو کارانەش لێرە لەم لینکە بەردەستن: http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

ئـەم هێلکاریانـەی خـوارەوە (١) ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە سـەرجەم پارێزگاکانـی ئاوارەبـوون، (٢) ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان بـۆ هـەر یـەک لـە قـەزا سـەرەکیەکانی ئاوارەبـوون (٣) ڕێـژەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان بـۆ هـەر کام لـە پارێـزگای ڕەسـەن و پارێـزگای ئاوارەبـوون نیشـان دەدەن:

## نەینەوا
٢٥٣,٥٠٣ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| موسڵ | ١٠٠,٨٧٦ |
| شێخان | ٤٢,٦٧٥ |
| شنگال | ٣٦,٤٨٠ |

پارێزگاکانی زێد

٪٩٨ نەینەوا
٪٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر پارێزگاکانی هەولێر، سەلاحەددین، کەرکووک، بەغدا، ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## دهۆک
٢٤٩,١٦٥ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| سومێل | ١٣٧,٠٥٢ |
| زاخۆ | ٨٠,٢٣٢ |
| دهۆک | ٢٦,٨٦٨ |

پارێزگاکانی زێد

٪٩٩ نەینەوا

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، ئەنبار و کەرکووک و بەغداد دەگرێتەوە

## هەولێر
٢٣٢,٥٣٥ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| هەولێر | ٢١٥,٦٥٣ |
| مەخمور | ٧,١٢٠ |
| شەقڵاوە | ٤,٩٦٨ |

پارێزگاکانی زێد

٪٤٧ نەینەوا
٪٣٠ ئەنبار
٪١٠ سەلاحەددین
٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## سلێمانی
١٤١,١٣٨ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| سلێمانی | ٩٣,٢٠٧ |
| کەلار | ١٩,٤٥١ |
| چەمچەماڵ | ٨,٦٧٦ |

پارێزگاکانی زێد

٪٢٤ سەلاحەددین
٪٢٢ بەغداد
٪ ١٨ دیالە
٪١٦ ئەنبار
٪٢٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەینەوا، بابل و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەرکووک
٩١,٠٨٠ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| کەرکووک | ٨٢,٥٠٠ |
| داقوق | ٦,٤٥٦ |
| دوبس | ١,٤٤٠ |

پارێزگاکانی زێد

٪٥٨ کەرکووک
٪٢٢ سەلاحەددین
٪١٠ نەینەوا
٪١٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، ئەنبار، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## سەلاحەددین
٥٦,٨٧٤ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| توزخۆرماتوو | ١٩,٨٩٠ |
| سامەڕا | ١٥,٠٩٤ |
| تکریت | ١٤,٧٨٤ |

پارێزگاکانی زێد

٪٩١ سەلاحەددین
٪٧ کەرکووک
٪٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، نەینەوا وئەنبار دەگرێتەوە

## دیالە
٤٤,٧٧٥ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| بەعقوبە | ١٩,٩٥٠ |
| خانەقین | ١٣,٢٩٩ |
| کفری | ٦,٥٨٨ |

پارێزگاکانی زێد

٪٨٨ دیالە
٪٦ سەلاحەددین
٪٦ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، نەینەواو کەرکووک دەگرێتەوە

## ئەنبار
٣٥,٤٨٤ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| فەللوجە | ١٩,٥١٨ |
| ڕەمادی | ٦,٨٤٦ |
| ڕوتبە | ٢,٧٩٠ |

پارێزگاکانی زێد

٪٧٣ ئەنبار
٪٢٦ بابل
٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، بەغداد، نەینەواو، دیالە و کەرکووک دەگرێتەوە

## بەغداد
٢٦,٤٣٠ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- مەحمودیە ٧,٥١٨
- ئەبوغرێب ٥,٢٥٦
- کەرخ ٤,٦٩٨

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٤٢ ئەنبار
- ٪٢٩ بابل
- ٪١٨ نەینەوا
- ٪١٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## بابل
١٦,٥٠٠ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- موسەیب ١٥,٤٨٦
- حلە ٧٥٠
- ئەلمحاویل ٢٠٤

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٩٤ بابل
- ٪٤ نەینەوا
- ٪٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد،دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەربەلا
١٠,٩٩٨ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- کەربەلا ٩,٩٣٦
- حیندانیە ٩٢٤
- عەین تەمور ١٣٨

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٨٥ نەینەوا
- ٪١١ بابل
- ٪٤ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین و بەغداد دەگرێتەوە

## نەجەف
٨,٨٦٨ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- نەجەف ٦,٨٨٨
- کۆفە ١,٨٧٢
- مەناسیرە ١٠٨

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٩٩ نەینەوا
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## بەسرە
٥,٥٠٨ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- بەسرا ٢,٢٣٠
- زوبەیر ١,٢١٨
- خەسیب ١,١٥٢

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٣٥ سەلاحەددین
- ٪٢٨ نینوی
- ٪١٩ ئەنبار
- ٪١٠ کەرکوک
- ٪٨ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## واست
٤,٣٨٦ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- کووت ٢,٨٩٨
- عەزیزیە ٤١٢
- سواریە ٣٠٦

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٨٠ نەینەوا
- ٪٩ کەرکوک
- ٪١١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## قادسیە
٣,٣٣٦ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- دیوانیە ٢,١٢٤
- ئافاق ٧٥٠
- شامیە ٣٢٤

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٦٠ نەینەوا
- ٪٣٥ کەرکوک
- ٪٥ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد و سەلاحەددین دەگرێتەوە

## زیقار
٣,١٥٦ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- ناسریە ١,٨١٢
- ڕیفاعی ٧٢٦
- سوق شیوخ ٤٤٤

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٥٥ نەینەوا
- ٪١٨ ئەنبار
- ٪١٧ کەرکوک
- ٪١٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، سەلاحەددین، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## میسان
١,٩٣٨ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- عەمارە ١,٥٧٢
- میجاری گەورە ١٦٢
- قەڵعەت سالح ١٠٢

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٤١ نەینەوا
- ٪٢١ کەرکووک
- ٪١٣ سەلاحەددین
- ٪٢٠ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## موسەننا
٨٨٢ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

- سەماوە ٥٤٦
- ڕومایسە ٣٠٠
- خزر ٣٦

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٥٧ نەینەوا
- ٪١٤ بەغداد
- ٪١٠ ئەنبار
- ٪١٩ ئەوانی تر

ئەوانی تر: سەلاحەددین و کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوەکان

## خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە بۆ گەڕی ١٢٤

**تێکڕای شێوە و فیگەرەکانی گەڕانەوە:** (DTM)بە کۆی گشتی ٤,٩٥٢,٢٣٢ گەڕاوەی تۆمارکرد (٨٢٥,٣٧٢ خێزان) لە سەرانسەری ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,١٧٩ شوێن لە عێراق دا. لە نێوان تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا، ژمارەی گەڕاوە تازەکان لەسەرنسەری وڵاتدا بە ١٣,١٥٨ زیادیکرد. ئەم زیادکردنەش بە یەکێک لە کەمترین ڕێژەکانی گەڕانەوە دادەنرێت لەوەتەی حکومەتی عێراق شکستپێهێنانی داعشی ڕاگەیاندووە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ دا. دەکرێت ئەم ڕێژە کەمەی گەڕانەوەش بۆ ئەو بەربەستانە بگەڕێتەوە کە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵ و حاڵیان، هەروەها بۆ ئەو سنووردارکردنانەی کە حکومەت خستوویەتیە سەر جوڵە و هاتوچۆی لە ماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ بۆ ڕێگریکردن لە زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. ئەو پارێزگایانەشی کە بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانیان هەیە بریتی لە نەینەوا بە (١,٩٢٧,٥٧٢ کە ٥,٠٧٦ کەسیان گەڕاوەی تازەن لەوەتەی گەڕی پێشووەوە)، ئەنبار بە (١,٥٤٢,٤٩٢) کە ١,٠٢٦ کەسیان گەڕاوەی تازەن)، سەڵاح الدین بە (٧٣٧,٧٠٦ کە ٥,٨٨٦ کەسیان گەڕاوەی تازەن). لە ماوەی مانگەکانی تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١دا، (DTM) بە کۆی گشتی٢,٠٨٢ گەڕاوەی تازەی تۆمارکرد، کە لە کامپەکانەوە هاتبوونەوە، ئەم ژمارەیەش بەرزبوونەوەیەکە، بە بەراورد بەو ژمارەی کە لە ئاب و ئەیلولی هەمان ساڵ دا تۆمارکرابوو کە ١,٠٠٨ گەڕاوەی کامپەکان بوو، نیشاندەدات. هەرچەندە ئەو ژمارەی کە وەکو گەڕانەوانەی تازەی کامپەکان لە تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا تۆمارکرا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو ژمارەی کە لەماوەی نێوان مانگەکانی ئایار بۆ تەمموزی ٢٠٢١ تۆمارکرا کە (٦,١٨٦) گەڕاوەبوو.

زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە لە کامپەوە هاتوون بۆ پارێزگای نەینەوا دەگەڕێنەوە (١,٣٨٠ کەس)، لەوکاتەی ژمارەیەکی کەمتر بۆ پارێزگاکانی ئەنبار بە (٤٥٠) کەس، هەولێر (١٣٨) کەس و سەڵاح الدین بە (١١٤) کەس گەڕاونەتەوە. هەروەها لە نێوان تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا، گەڕانەوەکان لە ١٨ شوێن بوون کە پێشووتر هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیەوە نەبینی بوو، لەوانەش لە هەولێر ١١ شوێن، نەینەوا ٤ شوێن، سەڵاح الدین ٢ شوێن و کەرکووک ١ شوێن. هۆی سەرەکی ئەو گەڕانەوانەش بریتین لە بەرەوپێشچوونی دۆخی ئەمی، هەندێک لە گەڕاوەکانیش باسی ئەوەیانکرد کە لە ناوچەی زێدیان دا دەستیان بە بنیاتنانەوەی خانووەکانیان کردووە.

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون:** لەماوەی تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەم، ١٢,٥٦٤ کەس بۆ شوێنەکانی زێدی خۆیان گەڕانەوە کە هەلومەرجەکانی ژیانکردنی تێدایە (ئەمەش کۆی گشتی کردە ٤,٧٤٤,٥٧٨ کەس و ٩٦٪). هەروەها ٥٨٢ کەسی دیکە چوونە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ، لەوکاتەی ١٢ کەسی دیکە چوونە شوێنی حەوانەوە تایبەتەکان. لە ئێستادا، بە کۆی گشتی ١٩٣,٤٩٤ گەڕاوە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان لەسەرانسەری عێراق دا، بەرزترین ڕێژەش لە پارێزگای سەڵاح الدین بە (٦٢,٩٢٢ کەس)، بەتایبەتی لە قەزاکانی تکریت بە (٢٢,٤٥٨ کەس), بێجی بە (١٥,٧٨٦ کەس) و شەرگات بە (٨,٩٢٨ کەس). دووەم بەرزترین ڕێژەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دان لە پارێزگای نەینەوایە بە (٥٥,٨٣٠ کەس، بەتایبەتی قەزای ناوەندی موسڵ بە (٣٢,١٠٠ کەس)، قەزایەکانی شنگال بە (٧,٨٧٨ کەس) و تەلەعفەر بە (٦,١٢٦ کەس). ژمارەیەکی زۆری کەسانی گەڕاوەش کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگاتی ئەنبار تۆمارکران بە (٤١,٢١٤ کەس کە زۆربەیان هی قەزاکانی ڕوومادی بە (١٤,٠٦٤ کەس)، فەللوجە بە (١٣,٦٣٢ کەس) و قائیم بە (٨,٨٩٢ کەس).

شێوەی ٣: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی گەڕاوەکان




## خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە بۆ ٢٠٢١

لە ساڵی ٢٠٢١ دا، بە کۆی گشتی ١٢٠,٦٦٦ کەس بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕانەوە، ئەم ژمارەیەش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو ژمارانەی کە ٢٠٢٠ بە (٢٣٥,١١٦) کەس و لە ٢٠١٩ بە (٤٣١,١٣٠) کەس تۆمارکران. لەماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا پارێزگای نەینەوا بەرزترین کەسانی گەڕاوەی هەبوو بە (٣٨,٤١٨)، کۆی گشتی گەیشتە ١,٩٢٧,٥٧٢ کەس. لەگەڵ ئەمەشدا، ٣٧,٨٦٠ کەس بۆ پارێزگای ئەنبار گەڕانەوە و کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوەکانی لەو پارێزگایەدا گەیاندە ١,٥٤٢,٤٩٢ گەڕاوە). لەوکاتەی ٢٨,٩٦٢ کەس بۆ پارێزگای سەڵاح الدین گەڕانەوە و بەمەش ژمارەی گەڕاوەکانی کردە ٧٣٧,٧٠٦ کەس. لەماوەی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٢١ دا، ژمارەیەکی بەرچاوی جوڵە و گواستنەوە لە ئاوارە ناوخۆییەکان دا ڕوویدا دوابەدوای داخستن و دووبارە پۆلێنکردنەوەی کامپەکان لە پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک، دیالە، سەڵاح الدین، ئەنبار، کەربەلا و بەغدا.٥ لەماوەی شەڕی داعش دا لە (٢٠١٤-٢٠١٧) دا، لە هەشت پارێزگاوە خێزانەکان ئاوارەبوون. تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، (DTM) چەند ڕێژەیەکی گەڕانەوەی جیاجیای تۆمارکرد-کە ئەو ڕێژانەش هی ئاوارەکانی هەموو ئەو پارێزگایانەبوون کە توانیبوویان بگەڕێنەوە. نزمترین ڕێژەی گەڕانەوەش لە پارێزگای بەغدا بە لە (٦٦٪)، پاشان لە نەینەوا بە لە (٧٤٪)، ئینجا لە دیالە بە لە (٧٦٪) و دواتریش لە کەرکووک بە لە (٨٢٪). ئەو پارێزگایانەشی کە ڕێژەکانیان بەرزبوو، بریتبوون لە سەڵاح الدین بە لە (٨٤٪)، هەولێر بە لە (٨٧٪)، ئەنبار بە لە (٩٢٪) و دهۆک بە لە (١٠٠٪).

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە ٢٠٢١ دا:** لە نێوان کانوونی دووەمی ٢٠٢١ تا کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ، بە ڕێژەی لە سەدا نۆ بەرزبوونەوە لە ژمارەی ئەو کەسانە هەبوو کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین و زۆر بەرزیکردەوە لە ١٦,٣٩٨ گەیاندیە ١٩٣,٤٩٤ کەس. ئەمەش بەرزبوونەوەیەکی کەمترە لەوەی کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی دووەمی ٢٠٢١ تۆمارکرا کە (٢٥,٣٢٦) کەس بوو. لە ٢٠٢١ دا، تاڕادەیەکی زۆر، بەرچاوترین بەرزبوونەوە و زیادکردن لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای سەڵاح الدین بوو بە (٢٠,٣٨٢) کەس، ئەم ژمارەیەش دەکاتە لە لە٤٨٪ لەوەتەی ٢٠٢٠ەوە. دووەم بەرزترین زیادکردنیش لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای دیالە بوو بە (١,٣٠٢) کە دەکاتە لە ٥٪ زیاتر. لەو پێنج پارێزگایەی دیکەی گەڕانەوەش کە تیایاندا ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین نزمبوونەوە و دابەزین لە ژمارەکانیان تۆمارکران بەم شێوەیە: نەینەوا (٨٤٠- کە ١٪-)، ئەنبار (٣,٢٨٢- کە ٧٪-)، بەغدا (٣٤٢- کە ٨٪-)، کەرکووک (٧٨٦- کە لە ١٦٪-) و هەولێر ٣٦- کە لە٢٤٪-). تێبینی ئەوەشکرا کە هیچ گەڕاوەیەکی پارێزگای دهۆک لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا ناژین.

٤ لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ شوباتی ٢٠٢١، (DTM) خولێکی لەسەر بەدواداچوونی باری لەناوکاو کردەوە کە بەدواداچوونی بۆ جوڵە و جموجۆڵەکانی ئاوارە ناوخۆییەکانی نێو کامپەکان بۆ شوێنەکانی دیکە دەکرد دوابەدوای داخستن و دووبارە پۆلێنکردنەوەی کامپەکان. هەموو ئەم کارانەش لەم لینکە بەردەستن:
http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوەکان

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی گەڕاوەکان لە سەرجەم پارێزگا ڕەسەنەکان دا، (٢) ژمارەی گەڕاوەکان لە هەر یەک لە قەزا سەرەکیە ڕەسەنەکان، (٣) ڕێژەی گەڕاوەکان بە گوێرەی پارێزگای دوایین ئاوارەبوون و بۆ هەر پارێزگایەکی ڕەسەن نیشان دەدات.

## نەینەوا

١,٩٢٧,٥٧٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەجەف، کەربەلا، بەغداد، بابل، کەرکووک، واست، سلێمانی، سەلاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقار، موسەننا، دیالە و ئەنبار دەگرێتەوە

## ئەنبار

١,٥٤٢,٤٩٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەلاحەددین، دهۆک، کەربەلا، نەینەوا و دیالە دەگرێتەوە

## سەلاحەددین

٧٣٧,٧٠١ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەینەوا، سلێمانی، بەغداد، دهۆک،بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقار و واست دەگرێتەوە

## کەرکووک

٣٥١,٦١٨ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی هەولێر، نەینەوا، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## دیالە

٢٣٩,٠٩٤ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر و کەربەلا دەگرێتەوە

## بەغداد

٩٢,٢٩٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، کەربەلا و میسان دەگرێتەوە

## هەولێر

٦٠,٧٠٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




## دهۆک

٧٥٦ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون



نەخشەی ١: ئاوارەکان و گەڕاوەکان



# ڕێباز ومیتۆدی ڕاپۆرت

ئامانجی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چاودێریکردنی ئاوارەبوون و خستنەڕووی داتای دروستە دەربارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە عێراق دا. داتا لە ڕێگەی تیمەکانی بەدەمەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs) کۆدەکرێتەوە، کە پێکهاتووە لە زیاتر لە ١٠٠ ستاف لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە. داتا کۆکردنەوە بۆ جەولەی ١٢٤ لە ماوەی مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ بوو لە سەرانسەری ١٨ پارێزگادا.

داتا لە لیستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان کۆکراوەتەوە لە ڕێگەی تۆڕێکی دامەزراوی بەرفراوان کە ٩٥٠٠ زانیاریپێدەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لەوانەش سەرکردەی کۆمەڵگەکان، دەسەڵاتە خۆجێیەکان و هێزە ئەمنییەکان. هەروەها زانیاری دیکەش لە تۆماری داتای حکومەت و ئاژانسە هاوبەشەکان وەرگیراوە.

تیمەکانی بەدەمەوە هاتن و وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە بەردەوامی داتای لە لیستی سەرەکی وەرگرتووە و ڕاپۆرتی دوو مانگ جارێکی لێ ئامادەکردووە. هەرچەندە، دەستگەیشتن بە داتا سنووردار بووە بەهۆی کێشە و گرفتە ئەمنییەکان و پرۆسەکانی دیکەی سنووردانان کە دەتوانێت کاربکاتە سەر چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. گۆڕانکاری لە شێوە دەرخەرەکانی ئاوارەبوون بە دیدەکرێت لە نێوان ماوە جیاجیاکانی ڕاپۆرتەکان دا. هەروەها لەوانەیە گۆڕانکارییەکانی شێوەدەرخەرەکان بەهۆی کاریگەری فاکتەرەکانی دیکەوە بێت، وەکو دەستنیشانکردنی بەردەوامی گروپەکانی پێشووتری ئاوارەبووان و تێکەڵکردنی داتای ئاوارەبوونی دووەم لە ناوخۆی عێرق دا.

هاوڵاتیانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەکتێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

بۆ کارئاسانیکردنی شیکارکردن، ئەم ڕاپۆرتە عێراقی بەسەر سێ هەرێم دابەشکردووە: هەرێمی کوردستانی عێراق کە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دەگرێتەخۆ، باشور کە پارێزگاکانی بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادیسیە و موسەننا دەگرێتەخۆ، ناوەڕاست کە پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغدا، دیالە، کەربەلا، کەرکووك، نەینەوا، سەڵاح الدین و واستن.

**حسابکردنی ژمێری بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە:**

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگەی لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ کەس دیاریکراوە و هەژمارکراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردن و ژماردنەش بۆ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەممموز و ئابی ٢٠٢٠ەوە (جەولەی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە، کە ئەم داتایە هاوتایە بە قەبارەی خێزانی بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ ەوە. بۆ دروستترین و نوێترین زانیاری ئاوارەکانی دەرەوەی کامپ، تکایە بڕوانە وێبسایتی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ: CCCM Cluster

لە هەموو لیستە سەرەکییەکانی جەولەکانی پێش (١١٧) لە (تممووز و ئابی ٢٠٢٠) دا، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپ بە لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ دیاریدەکرا، لەبەرئەوەی حسابکردنەکە جێگیرە لە نێوان جەولەکانی ١١٧ بۆ ١٢٣، شیکارکردنی بەراوردکاری لە نێوان ئەم چوار وەجبە داتایە هیچ کاریگەری نابێت. هەرچەند، دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە بەراوردکردنی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپەکان لە نێوان جەولەکانی ١١٧ بۆ ١٢٣ بە هەریەکێک لە جەولەکانی پێشووتر، کاریگەری دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی لە پێداچوونەی شێوازی حسابکردن لە ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکەوە دەکرێت.

**ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکە ئەم پێناسانە بەکاردێنێت:**

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەموو ئەو کەسانە بە ئاوارەی ناوخۆیی هەژمار دەکات کە ناچار بە جێهێشتن کراون لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەدواوە و تا ساتی ئەم هەڵسەنگاندنەش لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراق دا ئاوارەی ناوخۆن.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) هەموو ئەو کەسانەی کە لە وەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ەوە ئاوارەبوون و دەگەڕێنەوە بە گەڕاوە هەژماردەکات کە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کەلێی بوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو گەڕاوانە گەڕاونەتەوە هەمان شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەی خۆیان یان جۆرێکی دیکەی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون. پێناسەی گەڕاوەکان نە پەیوەندی بە پێوەرەکانی گەڕانەوە بە سەلامەتی و بە شکۆوە هەیە، نە پەیوەندیشی بە ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییە پێناسەکراوەکانەوە هەیە. شوێنیش وەها پێناسەکراوە کە هاوتا بێت بە گوندێک یان ناوچەیەکی لادێی یان گەڕەکێک لە ناوچە شارییەکان (بەمانایەکی دیکە، چوارەم دابەشبوونی فەرمی کارگێڕی).

**گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە لیستی سەرەکی گەڕی ١٢٢ (ئایار-تەمموزی ٢٠٢١):**

لە گەڕی (١٢٢) دا، کە ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ گرتبووەخۆ، گۆڕانکاری لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین کرا. ئەم گۆڕانکاریانەش لە هەموو کارەکانی لیستی سەرەکی گەڕی ١٢٢ و ١٢٣ و ١٢٤ (ئەم گەڕەی ئێستا) دا ڕەنگی داوەتەوە. گۆڕانکارییەکانیش بۆ خۆگونجاندن بووە تاوەکو بەرچاوڕوونیەکی زیاتر هەبێت لەسەر ئەو زاراوانەی کە بۆ جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ بەکاردێن، جیاوازبن لە جۆرەکانی شوێنی ئاوارەبوون. بۆ دڵنیابوونەوەش لە ڕێکخستن و گونجان لەگەڵ تێبینی تەکنیکی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق دا لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠).

**گۆڕانکارییەکانی جۆرەکانی ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە ئاوارەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەوە:**

- ”نیشتەجێبوونە نافەرمییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”خێمە، کارەڤان،خانووی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو“
- ”پێکهاتە نانیشتەجێییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپی دیکە“
- ”شوێنی حەوانەوەی بەکۆمەڵ“ گۆڕدراوە بۆ ”بینایە گشتییەکان یان شوێنی حەوانەوەی بە کۆمەڵ“

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆ:**

- ”نیشتەجێبوونی ئاسایی“ گۆڕدراوە بۆ  ”نیشتەجێبوون لە زێد“
- ”کرێ“ لابردراوە

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا ئاوارەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆر:**

- ”کرێ“ گۆڕداروە بۆ ”شوققە یان خانوو (هی خۆی نییە)“

پوختەیەک لەسەر جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لەم ڕاپۆرتەدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێدراوە. نیشتەجێبوون لە زێد هەمان ئەو شوێنە کە گەڕاوەکان بەر لە ئاوارەبوونیان لێی ژیاون. ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە لە دۆخێکی زۆرخراپدان، بۆ گەڕاوەکان بریتییە لە: نیشتەجێبوونی زێد (بۆ نیشتەجێبوون ناشێت)، خێمە، کارەڤان، شوێنی حەوانەوەی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو، بینای تەواونەکراو و جێهێڵدراو، بینایە گشتییەکان، شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ، بینا ئایینییەکان و بینای قوتابخانەکان. بۆ ئاوارەکانیش، ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە لە دۆخێکی زۆرخراپدان هەمان ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی گەڕاوەکان دەگرێتەوە، جگە لە نیشتەجێبوون لە زێد ناگرێتەوە، هەروەها خانوو و شوققەش ناگرێتەوە کە هی خۆیان نین یان بۆ ژیان ناشێن.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی پۆرتاڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون دەرئەنجامی ئەو داتایە کە لەلایەن تیمە مەیدانییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە کۆکراوەتە و زانیارییەکانی حکومەت و لایەنەکانی دیکە لە عێراق تەواودەکات. دەبێت ئاڵنگارییەکان لەبەرچاو بگیرێن کاتێک داتاکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی لە عێراق بەکاردێن، لەوانەش ناجێگیری جموجۆڵی ئاوارەکان هاوکات لەگەڵ ڕەوشە تەنگەتاویە لەناکاوییەکان و سنووردار بوونی دەستگەیشتن بە بەشێکی زۆری وڵات. لە هیچ بارێکدا، ڕێخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بەرپرس نابێت بۆ هیچ زەرەر و زیانێک، جا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان دەرئەنجامیی بێت، یان پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە بێت لێرەوە خراونەتەڕوو. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵدەدات  کە ئەوەندەی بکرێت ئەو زانیاریانە بە دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش بۆ تەواوەتی و ورد و دروستی و گونجاویەتی ئەو زانیاریانەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ناکات- بەدەربڕین بێت یان بەواگەیاندنبێت.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بکە بە تیمەکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq

IOM
UN MIGRATION

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی نووسینگەی کۆچ و پەنابەران و دانیشتوان (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی خۆی ئاڕاستەی ئەندامانی تیمەکانی بەدەممەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق دا دەکات بۆ ئەو کارەی دەیکەن لە کۆکردنەوەی داتا، کە زۆرجار لە هەلومەرجی زۆر دژوار ئەو کارە دەکەن، هەوڵ وکۆششە ماندوونەناسەکانیان بنچینەی ئەم ڕاپۆرتەیە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٢

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.